---

# دەبێ چارەنوسی کوردستان لە شەڕی دەسەلاتی شیعە و سونەی عێراق جیابکرێتەوە

**ئاسۆ کمال***



بە ڕوخاندنی مزگەوتی شیعەکان لە سامەڕا و کوشتنی دەیان کەس لەشارەکانی بەغداد و ترسی کوشتاری تر لەنێوان خەڵکانی شیعە و سونەدا و سەرتاپای شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق ، ئەمڕۆ ئاگری شەڕی دەسەلات لە نێوان هێزە شیعە و سونەکاندا کلێپەی سەندوە .ئەمە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق و شەڕی یەکلاکردنەوەی تەوازنی نێوان هێزە شیعەکان و هێزە سونیە ناسیونالیستەکانە. ئایندەی ئەم شەڕی دەسەلاتە لە سایەی داگیرکاری ئەمریکا و تەوازنی ئیقلیمی دەولەتە ناسیونالیستە عەرەبیەکان و هێز و دەوڵەتە ئیسلامیە دەسەڵاتدارەکاندا دیارنی‌یە و ئەوەی ڕۆشنە درێژەکێشانی ئەم شەڕە خوێناویە ناوخۆیی‌یەیە کە هەموو ڕوخسارێکی ژیان لە عێراقدا دەسڕێتەوە و تیرۆر ونائەمنی دەبێتە تاپۆی ئایندەی خەڵکی عێراق.

هاوپەیمانی هێزە ئیسلامیە سونیە بەعسیەکان بەرنامەیان بۆ سەپاندنی دەسەلاتیان گواستنەوەی شەڕ و تیرۆری خۆیانە بۆ ناو خەڵك و دروستکردنی شەڕێك لە نێوان خەڵکی سونە و شیعەدا. هێزە ئیسلامیە شیعەکانیش کە بەناوی هەڵبژاردنەوە توانیویانە حکومەت بۆ خۆیان پاوان بکەن و لە ڕێگای دەسەلاتی میلیشیایی ڕەسمیەت پێدراویانەوە شەڕی پاکتاوکردنی هێزە سونی وبەعسەیکان دەکەن. ئەمە بەرنامەی ئەم دوو هێز و دوو بەرە ئیسلامی یەیە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی دەسەلات لە عێراقدا. ئەم دوو هێزە لە ئێستادا ڕێگای پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشیان بەبن بەست گەیشتوە و نە هێزە شیعەکان ڕێگەدەدەن سونەکان ببنە شەریکی دەسەلات لەگەڵیاندا و باڵادەستی خۆیان لەدەست بدەن و نە هێزە سونیەکانیش بە مانەوە لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی و پلەدوویی لە حکومەتدا ڕازی دەبن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەردوولایان لەسەر داسەپاندنی قانون و دەستور و دەسەلاتی ئیسلامی لە عێراقدا سوورن و ئاکامی هەر ڕێکەوتنێکیشیان لەسەر سڕینەوەی هەر تایبەتمەندی و مافێکی خەڵکی کوردستانە کە وەزعی دیفاکتۆی ئەمڕۆ هێنابێتیە ئاراوە و سەپاندنی دەسەلات و دەستوری ئیسلامی ئەم هێزانە بەسەر خەڵکی کوردستاندا و دژایەتی وپیشیلکردنی مافی چارەنوس و سەربەخۆیی کوردستان لە لیستی سەرەوەی بەرنامەی حکومەتی ئەم هێزانەدایە.

ئەم هێزانە نەك هەر بە درێژەدانی شەری ناوخۆ و تیرۆریزم کاریگەری خراپی سیاسی و ئابوری لەسەر وەزعی ئێستای کوردستان دادەنێن ، بەڵکو بەرنامە و نەخشەیان بۆ کوردستانیش ژێردەستەکردنەوەی بەرەبەرەی سیاسی و ئابوری و قانونی خەڵکی کوردستانە. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو واقیعەتە پڕمەترسی و کۆنەپەرستانەیەی شەڕی دەسەلاتی هێزە شیعە و سونەکان بەسەر خەڵکی عێراق و کوردستاندا سەپاندویانە، هاوپەیمانێتی کوردستانی یەکێتی و پارتی بەردەوامن لە درێژەپێدانی سیاسەتی پاشکۆکردنی کوردستان بە عێراقەوە. ئەمڕۆ ژیان و چارەنوسی خەڵکی کوردستان لەلایەن ئەمانەوە کراوەتە قوربانی مانەوەی بەشە دەسەلاتی ئەم دوو حزبە لەو حکومەتە کۆنەپەرستانەیەدا و تەنانەت بونەتە ناوبژیوانی هێزە شیعە و سونەکان بۆ ڕێکەوتنیان لەسەر کۆنەپەرسترکردنی حکومەت و دەستور

Asokamal1@aol.com, Tel:00447760131203

---

لەعێراقدا. ئەگینا لە ڕازی کردنی دڵی صالح موتلەگ و بەرەی تەوافقی سونی وبەعسی لەگەڵ هاوپەیمانی شیعەدا چ دەستکەوتێك بۆ خەڵکی کوردستان هەیە ،لەکاتێکدا هەردوولایان زۆر بەئاشکرا و بێپەردە باسی سەپاندنی حکومەتی عەرەبی وئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکەن.

دانیشتن و چاوەڕوانی لەسایەی ئەم سیاسەتی پاشکۆکردنەی کوردستانی یەکێتی وپارتیدا جگە لە بەهەدەردانی ژیان وچارەنوسی خەڵکی کوردستان نەبێت هیچی ترنییە. سەیرکەن چۆن لەم وەزعیەتی لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە ڕۆژ بەڕۆژ هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکانی کوردستان لەسایەی داسەپاندنەوەی دەستوری ئیسلامی لەعێراقدا و نەبونی ئایندەیەك بۆ کوردستان و فەسادی ئیدارەکانی یەکێتی وپارتیدا سەریان بەرزکردۆتەوە و کەوتونەتەوە هەڕەشە لە ئازادی ڕادەربڕین و فەتوا دژی کەسانی سکۆلاری وەك مەریوان هەلەبجەیی و بەڕێخستنی خۆپیشاندانی کۆنەپەرستانە لە هەولێر و بەرەبەرە گێڕانەوەی دەسەلاتی تیرۆر و شەڕی دەورانی نەوەدەکانیان لەکوردستان. ئەمە تەنها ئاکامێکی ئەم پاشکۆیەتیەی کوردستان نییە و نابێت . درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆ و دەسەلاتی هێزە شیعە وسونەکانی عێراق ، جگە لەوەی لەباری ئابورییەوە کوردستانیش دەخاتە بەردەم برسێتی و گرانی و کۆنترۆڵی میلیشیایی داهاتەکانی عێراق ، هاوکات دەستی دەولەتان و هێزە ئیسلامی وعەرەبیەکانی ناوچەکەش دەکاتەوە بۆ هاتنەناوەوە و هەڕەشەی لەباربردنی وەزعی دیفاکتۆی کوردستان.

ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە کەمپین و کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا ، ئەم ئاکامانەی پاشکۆکردنەوەی کوردستانمان بەعێراقەوە خستۆتەڕوو و بۆ کۆتایی هێنان بە خەتەری درێژەپێدانی ئەم سیاسەتەی یەکێتی وپارتیمان بۆ سەر ژیان وچارەنوسی خەڵکی کوردستان کارمان کردوە. ئەمڕۆ جارێکی تر بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین کە بۆ پاراستنی ژیان و چارەنوسی خۆیان لەم کلێەی شەڕی ناوخۆیەی هێزە شیعە وسونەکانی عێراق دەنگ هەڵبڕن و لە هەموو شوێنێك و بەهەر شێوەیەك دەتوانن نارەزایەتی خۆیان بەم پاشکۆکردنەی کوردستان دەربڕن و شیعاری سەربەخۆیی کوردستان و بەرپاکردنی فەوری رفراندۆم لەکوردستاندا بەرزبکەنەوە.

* بەرپرس لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Asokamal1@aol.com, Tel:00447760131203